# قۆناغەكانی كۆمەڵ و كاریگەریان لەسەر زمانی نوسین لە چیرۆكی كوردیدا

**پ.ی. د. سەلیم رەشید سالح**
**زانكۆی سەلاحەدین**
**بەشی كوردی**

پێشەكی

بەشی یەكەم :

قۆناغەكانی مێژوو

مێژوی زمان و نوسین

زمانی نوسین و گۆرانكاریەكانی زمانی كوردی

بەشی دوەم :

گۆران لە زمانی نوسینی چیرۆكدا

لە قۆناغە جیاوازیەكاندا

لە چیرۆكی كوردیدا

ئەنجام

سەرچاوەكان

كورتەی باسەكە

بەعەرەبی

بە ئینگلیزی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێشەکی :

چیرۆکی کوردی بەشێکە لە مێژوی نەتەوەیەك کە بە درێژایی مێژوی شارستانیەتەوە بەچەندین قۆناغی مێژویی جیاجیادا تێپەریوە ، ئەوەی قۆناغەکانیشی دیاریکردوە لە نوسینی چیرۆکی کوردی زمانی نوسینەکەیەتی کە لەگەڵ سەرهەڵدانی نوسینی چیرۆکی کوردی و کاریگەریەکانیتری زمانەکانی بیگانەی دراوسێ بەسەر زمانەکەمانەوە دەرکەوتوە ،سەرەتای نوسینی چیرۆکی کوردیش زادە و هەڵێنجانی ئەو زمانە تێکەڵە بوە بە تێکەڵاوی لەگەڵ زمانەکانی دراوسێداو دواتر بەپێی قۆناغە مێژوییەکان گەشەی ئاسایی بەخۆیەوە بینیوە لە روی هونەری نوسین و پاککردنەوەی لە وشەو زاراوەی بێگانە ، لەو باسەشدا بە هێنانەوەی چەندین دەقی جیا دیای چیرۆکی کوردی بە پێی قۆناغە مێژوییەکانی نەتەوەکەماندا رونکردنەوەی تێدا کراوە کە زمانی نوسینی چیرۆکی کوردی قۆناغە مێژوییەکانی نەتەوەی کوردی نیشانداوە ، بێگومان ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو شێوازە نوسینانەی دەقەکان بە پێی سەردەمە جیاوازەکان

قۆناغەکانی مێژوی کۆمەڵ

مێژوی مرۆڤایەتی و دروستبونی کۆمەلگاکان بەشێوەیەك دەستی پێکردوە کە مرۆڤ بەو شێوە کۆمەلایەتیەی ئیستای نەژیاوە و خاوەنی ئەو جۆرە زمانانە نەبوە ، بەلکو بەچەندین قۆناغی مێژویی جیاجیادا تێپەریوە و گەشەی کردوە بەپێی بارودۆخی پێویستی ژیان و کاریگەریان لەسەر گەشەسەندنی زمانەکەی بە پێی ئەو پێویستیە ، سەرەتای ژیانی مرۆڤ بە قۆناغێکی سادە دەستی پێکردوە کە کۆمۆنی سەرەتایی بوە و مرۆڤ تێیدا خاوەنی مولکیەی تایبەتی خۆی نەبوە ، ئەوش رەنگدانەوەی هەبوە لەسەر دیاریکردنی ژیانی کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە ، هزری مرۆڤایەتی سەرەتایی و سادەبوە ، زمانیش بەشێوەیەکی سادە کاری پێکراوە چونکە پیداویستیەکانی مرۆڤ زۆر سنوردار بوە ، لەو بارەیەوەش چەندین تیوری زانستی و ئاینی هەیە باس لە پەیدابونی سەرەتای زمان دەکات وەك گریمانەکانی زمان ( دەنگە سروشتیەکان ،بزاوتن ،بانگ و قیژە ،مۆسیقا ،پەیوەندی ) کە هەریەك لەو گریمانە تا رادەیەك راستیەکی تێدایەو تا ئێستاش مۆرکیان بە زمانەوە دیارە (محەمەد مەعروف فەتاح،زمانەوانی ،لا١٣) بیگومان زمان رۆلی گێرانەوەیەکی درێژی سەربردەکانی نەبوە تەنیا ئاماژە بوە بۆ گەیاندنی پێویستیەکانی ژیانی مرۆڤ ،گۆرانکاریش لە زمان لەسەر خۆ رویداوە بەپێی گەشەی مرۆڤ و زیادبونی پێداویستیەکانی ، لەو رێگەیەش زمانی قسەکردن و گفتوگۆ زیاتر فراوان دەبوو ، هێزەکانی بەرهەمهێنان وردە وردە بەرەو پێش چوەو لەو سنورە تێپەری کردوە کەتەنیا بۆ پێداویستیەکانی رۆژانە بەکار بێت بەلکو پەرەی سەندوە بە پێی بەکارهێنانی کەلو پەلەکانی و ئەوەش بوە هۆی داهاتنی مولکیەی سەربەخۆو تایبەت ، لیرەوە کۆمەلگا دابەشی سەر چینەکان بوو یان چین دروستبوو بە پێی جیاوازی کاری وەبەرهێنان ، قۆناغی کۆمۆنی سەرەتاییان جێهێشت کە مرۆڤ تێیدا یەکسان بووە ، لەو قۆناغەدا بەهۆی جیاوازی لەبەرهەمهێنان و دروستبونی بەهێزو بێهێز ، دەولەمەند و هەژار ، ئاستی جیاوازی ژیان پەیدابوو ، سیستەمێکی ئابوری نوێ هاتە کایە لەسەر بنەمای دەسەلاتی سەپێنەر بەسەر چینە جیاوازەکانی نێو کۆمەلگا (لینین ،اصل العائله والملکیه الخاصه) لە ئەنجامی گەشەسەندنی شێوازی ململانێیە چینایەتیەکان و دەرکەوتنی ئامێری کارکردن و دەرکەوتنی کشتوکال و بەرەو پێشچونی بوە هۆی هاتنە کایەی قۆناغێکیتری کۆمەلایەتی و ئابوری



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەویش قۆناغی دەرەبەگایەتی بوو ، پێش ئەو قۆناغەش واتە دوای گەشەسەندنی دوای کۆمۆنی سەرەتایی چەندین جیاوازی ئاستی رۆشنبیری دەرکەوتن و بوە زەمینەیەك و بنەمایەك بۆ هاتنە پیشەوەی دەرەبەگایەتی و مانەوەی چینەکان لە شێوەیتردا بە پێی بارە ئابوریە جیاوازیەکە ، زۆربەی گۆمەلگاکانی جیهان بە قۆناغی دەرەبەگایەتیدا تێپەر بوون ، بەلام هەمویان لەیەك ئاست و زەمەندا نەبونە ،بۆ نمونە هاتنی ئەو قۆناغە لە ئەوروپا دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەراست تاوەکو سەدەی رێنیسانس و لەهەندی ولات دواتریش بەردەوام بوە ، لە رۆژهەلاتی ناوەراست تا ئێستاش ئەو قۆناغە لە روی فیکرو ئابوریشەوە درێژەی هەیە ، ئەو سیستەمە پێناسەیەك و چەمکێکی سیاسی و ئابوری هەیە ،چینێك خاوەنی هێزو توانای مادیە دەسەلاتی بەسەر چینێکیتردا دەخاتەگەر ، لە دەرەبەگایەتیدا ئەگەر دەولەت و حکومەتیش هەبێت لەئاست ئەو چینە دەسترۆیشتوەدا لاواز دەبینرێ بەهۆی بەهیزی باری ئابوری چینەکەو پشتیوانی لێکردنیان ، بەشێوەیەك ناتوانی بەرامبەر دەسەلاتی دەرەبەگایەتی بوەستێ ، باری رۆشنبیری لەو سیستەمەدا پەیوەستە زیاتر بەبیرو باوەری ئاینیەکانەوە ، بۆ رازیکردنی چینی خوارەوە بۆ گوێرایەلیبونیان بەو سیستەمە، ئەوش دەگەرێتەوە بۆ جۆری ئەو پەیوەندیەی نێوان دەرەبەگ و کارگەرەکانی کە جوتیارەکانن، دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا چەندین سەدەی خایاندوە تاوەکو گەیشتۆتە چاخی رێنیسانس ،لەسەدەی نۆزدە شۆرشی فەرەنسی کۆتایی بەو سیستەمە هێنا لەئەوروپا ، بەلام لای میللەتانی رۆژهەلات تا ئیستا بەردەوامە لە عەقل و هزردا ، ئەگەرچی بنەما ئابوریەکان گۆرانی بەسەردا هاتوە لە ئەوروپا سیستەمی دەرەبەگایەتی لە سایەی دەسەلاتی کەنیسە و ململانێی نێوان میرو پاشاکان بەتەواوی جێگیر بوبوو ، پاشاکان زەوی زارەکانیان قورخکردبوو بە شەرکەرو کەنیزەکانی خۆیان دەبەخشی لە جێی دراوو سەرمایە ،دواتر دەبوو بە میراتیك بەبپێی کات بۆ کەسی جەنگاوەر و وردە وردە دەستی بەسەردا دەگیرا لە جیاتی پیاوانی کەنیسە ، باری رۆشنبیری ئەو سەردەمە پەیوەست بووە بە چۆنیەتی پاراستنی ئەو زەوی و سامانە ، گرنگترین بەهای رەوشتیش کە کلتوری ئەو سەردەمە بوە ئازایەتی و دەولەمەندی پایەی کۆمەلایەتی بوە لە نێوان خاوەن زەویەکاندا ، کاری رۆشنبیری و ئەدەبیش بریتی بوە لە وەسفی سوارچاکی و بە پیرۆزراگرتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی بوە ، ئەو هزرەو بیرکردنەوانە لەلایەن پیاوانی ئاینیەوە ئەنجام دەدرا کە تا ئیستاش ئەو هزرە وەك کلتوریك لای رۆژهەلاتیەکان پاشماوەی ماوە ، لەروی ئابوریەوە تا رادەیەك لای خۆمان لاواز بوە بەلام وەك جیاوازی کلتوری کۆمەلایەتی هەر ماوە ، گرگترین سیمای ئەو سیستەمە لای کورد ئەو لایەنانەن کە کاریگەریان لەسەر عەقلی تاك ماوە وەك تیروانین بۆ سادەیی ژیان و دژ بە نوێخوازی و گۆرانکاری بەرەو قۆناغێکی نوێ ، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ درێژە پێدان و مانەوەی فیکری دەرەبەگایەتی لە بنەما کۆمەلایەتیەکان و حوکمرانیشدا ، ئەمەش بوە بە کلتوریك کە تا ئیستاش هەر بەگەورەیی بروانرێتە چینی دەرەبەگەکان ، دیارە بیرکردنەوەش لە نەمانی ئەو تێروانینە دەبێتە مەترسی لە سەر دەسەلاتی دەرەبەگایەتی ، لەبەر ئەوە دەبینرا دەرەبەگەکان بۆ مانەوی دەسەلاتی خۆیان پشتیان بە مەلاو پیاوە ئایینیەکان دەبەستا بۆ ناوشیارکردنی کۆمەلگاو نەخوێندەوارکردنیان ، نمونەش بۆ ئەوە زۆرە لە کۆمەلگاکانی رۆژهەلات ، سیمایەکیتری ئەو سەردەمە ئەوە بوە کەدەبێ بەپیرۆز سەیری رابردو بکرێت و جارێکیتر بەرەو دواوە بگەرێتەوە نەك بەرەو گۆرانکاری ، دیارە پاراستنی کلتوری کۆنیش رۆلی خۆی دەبینێ لە بوارەدا ، هەروەها چەسپاندنی دیاردەکانی کۆمەلایەتی لە مێشکی رەعیەتدا بێ ئەوەی پرسیاری لە بارەوە بکرێ ، بیرکردنەوە لە بواری زانست و مەعریفە بە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

حەرام دەزانرا کە ببوە رێگر لەبەردەم گۆرانکاری بۆ قۆناغێکیتر ، بەلای پیاوە ئایینیەکانەوە وا بلاو دەکرایەوە کە دەبێ مرۆڤ خۆی بداتە دەست قەدەرو خوا ئەو دەسەلات و پایەی بە دەرەبەگەکان بەخشیوە نابێت دەستکاری بکرێت ، خوێندن و نوسینیش تەنیا بۆ منالی ئەوان بوە و ئەوەی دەشخوێندرا بابەتی ئاینی بوە و بوزمانی بێگانە و تێکەل بەو کوردیە سەرەتاییەو هەموو نمونەکانی فێربونیش نمونەی ئایینی بوە ، کرانەوەیەکی فیکری تێدا نەبوە ، بەلا لەگەل ئەوەشدا بە پێی سروشتی کۆمەلایەتی گۆرانکاریەك هاتە پێش ئەگەر چی بەهۆی ئەو هەمو تەگەرەوە لەسەر خۆش بوبێت ، هۆکاری بابەتی و دەرەکی نێو کۆمەلگا بەرەو قۆناغیتر هەنگاوی دەنا ، بەهۆی هاتنەکایەی کەل و پەل و ئامێری پیشەسازی و دروستبونی چینەکان لە شێوازێکیاردا ، بەهۆی گۆرانی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و کاریگەریان لەسەر ئاستێکیتری رۆشنبیری کە گونجاو بێت لەگەل پێداویستیەکانی سەردەمەکە ، ئەمەش قۆناغێکی نوێیەو بە سەرمایەداری ناوزەد دەکرێ ، دیارە ئەو گۆرانکاریەش بۆ قۆناغیکیتر هەروا بە ئاسانی رونادات ، بەلکو بەهۆی گۆرانکاریەکانی جیا جیای بوارەکانی کۆمەل و سەدان سال دەخایەنێت ، گواستنەوە لە کۆیلایەتی بۆ دەرەبەگایەتی جیاوازیەکی کەم لە هێزەکانی بەرهەمهێنان رویداوە لە بواری کشتوکالدا و داهێنانی ئامێری کشت و کال ، بەلام لە دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەرمایەداری گۆرانکاریەکان گەورەترو زۆرتر بوە ، دیارە لەو قۆناغەشدا ئامێرو کەرەستەی پێشکەوتوتر پێویست بوە ئەوەش رەنگدانەوەی راستەو خۆی کردۆتە سەر فراوانبونی زمان و ئاسانکردنی پەیوەندیە چرەکان ، چونکە پیشەسازی لەو سەردەمە پەرەی پێدراوەو بۆتە سەرچاوەیەکی ژیانی کۆمەلگاکان ، کۆمەلگا لەو شێوە سادەییەی نەمایەوەو ئاسیتی فیکرو رۆشنبیری فراوانتر کرد ، ململانێی نێوان دەرەبەگ و جوتیار بوو بە ململانێی چینی چەوساوەی کرێکارو زەحمەتکێش لەگەل سەرمایەدارەکان ، دروستبونی کارگەکانی پیشەسازی و بوە هۆی دروستبونی دوو چینی دژ بەیەك لە روی کۆمەلایەتی و ئابوریەوە ، جیاوازیەکەش لە ئاستی فیکرو هزر دەرکەوت ، ئەو قۆناغەش بە دوو هەنگاو تەواو بووە ، قۆناغی یەکەم کە سەرەتای سەرمایەداری بوە تا ئەو کاتەش ئەگەرچی پیشەسازی پەیدابوبوو بەلام کاریگەری لایەنی عەقلی دەرەبەگایەتی هەر مابوو چونکە لێرەدا بەرهەمهێنەر هێشتا بازارێکی دیاریکراوی نەبوو بۆ ساغکردنەوەی کالاکانی تا بە رێکخراوەیی کاری بەرهەمهێنان بەرێوە بچێت ، لە سیماکانی ئەو قۆناغە سەرەتاییەی سەرمایەداریش ئەوە بوو کە جیاواز لە دەرەبەگایەتی کە تێیدا وەستانی کلتوری چەسپاوو فیکربوو ،گۆرانکاری لە دروشم و فیکری سەردەمەکە بوو ، تاك بروایەکی بۆ پەیدابوبوو کە هیچ شتێك نیە بە چەسپاوی بمێنێتەوە چ لە سروشتدا یان لەناو کۆمەلدا ، مرۆڤ خۆی دۆزیەوە لەنێو ئەو دەوروبەرەی تێیدا دەژیا ، شارەزایی لە ناوچەو ولاتیتردا پەیداکرد بەردەوام لە پێشبرکێ و بەراوردکردندا بوە ،دەرکەوتنی دەیان زاناو فەیلەسوف سیمای ئەو سەردەمە بوو کاریگەری خێرایان لە گۆرانکاریەکان هەبوو زانستەکان فراوانتر بون و عەقلی مرۆڤ لەبیرکردنەوەیتردا بوو بۆ ژیان لەوە تێپەربوو کە خۆ بەناودارو سەرجەلەی نەسەب هەلبدا ، تواناکانی تاك بەئاراستەیەکیتر هەنگاوی نا ئەو بنەمایانە جیاوزبون لەو چینانەی لە دەرەبەگایەتی هەبوون ، باری رۆشنبیری بازێکی دیاریدا بۆ پێشترو هاتنەکایەی هزری نوێتر ، ئەوەی لێرەدا دەبینرا بەتایبەت لەهەنگاوی دوەمی سەرمایەداری ململانێی نێوان چینەکان توندتر بوو ،کاردانەوەی هەبو لەسەر بەرهەمە رۆشنبیری و فیکریەکانی تاك ،لایەنە باشەکانی ئەو چاخەش بونی پیشەسازیەو شارستانیەتێکی خێرا بوو ، بنەمای پێشکەوتنی کۆمەلگاکان بوو ، لەهەمان کاتیشدا ململانێکان فراوانتر دەبوو لەنێوان چینەکاندا ،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەو ململانێیانەش شەری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا وەکو جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم ، ، چەندین رەوتی ئەدەبی و رۆشنبیریش لە ولاتانی جیاجیادا هاتە کایە وەکو شەپۆلی ناماقول لە ئەدەبی نوێدا، دەرکەوتنی رەوتی فیکری جیاو فەلسەفەی جیا هەندێ لە کۆمەلگاکانی بەرەو قۆناغێکیتر برد کە قۆناغی سۆشیلیزم بوو ، بۆ رزگاربون لە مەینەتیەکانی سەرمایەداری ، دیاردە نێگەتیفەکانی سەرمایەداری و قولبونەوەی ململانێ سەختەکانی نێوان چینەکانی لە روی ئابوری رۆشنبیری ، کۆمەلایەتی ، کەلتوری ، بوە هۆی رەتکردنەوەیەك بۆ قۆناغی پێشتر ، پێیان وابو ئەو قۆناغە دادپەروەری و حەسانەوەی مرۆڤی تێدا فەراهەم دەبیت ، بەهاکانی مرۆڤ دەگەرێتەوە کاتێك لەسەرمایەداریدا بەهۆی باری ئابوریەوە چینێك بەدەست چینێك لە چەوسانەوەدا بوە ، لەکۆمەلگەی کوردیدا پاشماوەی ململانێیە چینایەتیەکان و گواستنەوەی بۆ سەرمایەداری تا ئیستاش ماوە و کاریگەریان لە ئاستە جیاجیاکاندا دەبینرێ بەلام لەگەل ئەوەشدا هاتنی بیری سۆشیالیزم بۆ نێو کۆمەلگەی کوردی کۆمەلێك گۆرانکاری هێنا کایەوە وەك باری رۆشنبیری ، ئەدەبی ، هونەری ،، ئابوری ، ئازادی تاکەکان ، کلتوری کۆمەلایەتی، راگەیاندن ، ...تد ، ئەو قۆناغە لە هەموو ئەو کۆمەلگایانە پێیدا تێپەرین ، لەدوای سەرمایەداری کاریگەریەکی فراوانی لە گۆرانکاریە خیراکان دروستکرد ،مرۆڤی فێری داواکاریەکانی خۆی کرد ، ئەو قۆناغە وەك رەوتێکی مرۆڤایەتی سەیر دەکرا ئەگەرچی کێشەی زۆر و بەرهەلستی لەلایەن سیستەمە سەرمایەدارەکان بۆ دروستدەکرا بەلام تا ئێستاش وەك رەوت و قۆناغێکی کاریگەر لە ژیانی کۆمەلگاکانی جیهاندایە .

زمان و گۆرانکاریەکانی مێژوو:

زمان بنچینەیەکی گرنگی ژیانی کۆمەلایەتیە ، کەرەستەی ژیانەو دەربری پێویستیەکانی مرۆڤە هەرچەندە زانست و مەعریفە پێشکەوێت مرۆڤ زیاتر پێویست بەمەعریفەی زمان دەبێت زمانە رێگەی جێبەجێکەری ئەرکەکانی کۆمەل بەجێ دێنێ خێراتر بە ئامانجی دەگەیەنێ ، هەرچەندە کۆمەلگا پێش بکەوێت زمانیش زێدەتر ، (بلۆمفیلد) دەلێ کۆمەلگا لەرێگای کردە زمانیەکان دروست دەبێت ، بۆ تێگەیشتن لە هەر نەتەوەیەك پێویستە لە زمانیان بزانین تا لەبارەی مێژو و کلتوریان شارەزابین ، کۆمەل بەردەوام لەگۆرانکاری دایە و بەهۆی ئەوپێشکەوتنەش زمانەکەشی بەرەوپێش دەچێ و فراوانتر دەبێت ، لەو هێلکاریەی خوارەوەدا دەتوانین ئەزوە رونبکەینەوە



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




بەو شێوەیەی کەلە هێلکاریەکەدا هاتوە زمان هاوتەریبە لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگا لەروی مێژوییەوە ، وەك ئاوێنەیەك ئاستەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ دیاری دەکات هەرچەندە ناتوانین سەرەتای نوسین لە کۆمەڵگا کۆنەکان بە وردی دیاری بکەین ، بەلام مرۆڤ لەگەڵ گەشەی ژیانی هەوڵی بەکاربردنی زمان و نوسینی داوە لە پێناو ئاسانکردنی کارەکانی ، تۆمارکردنی روداوەکانی ژیانی و پێداویستیەکانی ناچاریکردوە بەدوای رێگەیەکدا بگەرێت بۆ جێبەجێکردنی کە نوسین و هێما بوە ، مێژونوسان رایان وایە کەوا نوسین پێش داهاتنی نوسینی (ئەبجەدی) بە چەند قۆناغیکدا تێپەریوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- قۆناغی نوسینی وێنەیی :ئەو شێوازە نوسینە دەگەرێتەوە بۆ پێش چاخەکانی کۆیلایەتی و کۆتای کۆمۆنی سەرەتایی ، بە پێی پاشماوە ی شوێنەوارەکان وا مەزەندە دەکرێت کە ئەوکات نوسین و خوێندەواری نەبوە ، ئەگەرچی پەیوەندی نێوان ئەو وێنانە و لاینەنە مەعنەویەکان بۆ دەربرینی هەستەکانی مرۆڤ لاوازن بەئاسانی بەهۆی ئەو وێنانەوە دەرناکەون ، بۆیە هەولدراوە رێگەیتر بدۆزنەوە بۆ دەربرین ، دواتر نوسینی وێنەی رەمزی هاتە کایەوە


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

، وەك نیشانەیەك دیاریكراوە بۆ هەر شتێكی مادی و وەك دەلالەتێكیش ناو و فرمان و سیفەتی شتەكان ، بۆ نمونە وێنەی دەست یان پێ تەنیا دەلالەت نەبوە بۆ بونی پێ یان دەست بەلكو وەك دەلالەتیك بۆ كاركردن و رۆیشتن وێناكراوە لەدوای ئەو جۆرە نوسینەش قۆناغی برگە هاتۆتە كایە كە سەرەتای دارشتنی رستەو قسەكردن بوە ، بەو پێیە وردە وردە بەرەو دیاریكردنی دەنگەكان چوە لە رێگەی رەمزو برگەی دیاریكراوەوە وەك هێمایەك بۆ واتایەك و تێگەیشتنێك ، ئەوە بۆ سەرجەم گەلانی جیهان بەم شێوەیە گەشەی كردوە ، بەلام بە پێی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی جیاوازی نەتەوەوناوچەكان ئەو هێمایانە وێنەو شێوەی جیا جیای بۆ داتاشراوە ، بۆ نمونە نوسینی هیرۆگلۆفی میسریە كۆنەكان بە شێوەی وێنەی رەمزی دەستیپێكردوە ، نوسینی مسماری كە زمانەكانی بابلی و ئاشوری لە عێراقی كۆن بەكاریان هێناوە نوسینی برگەیی بوە ، نوسینی عەرەبی بەو سیستەمە هاتوە تا گەیشتۆتە نوسینی هیجایی بەلام مێژوەكەی زۆر رون نیە لەكەیەوە دەستی پێكردوە (رمزی بعلبكی ،نوسینی عەرەبی سامی، لا٦٩) ، د ئاورەحمانی حاجی مارف رای وایە كە تەمەنی نوسین هەر (٨تا٩) هەزار سالێك دەبێت بەلام ئاخاوتن لەپێشتر پەیدابوە ، (ئاورەحمانی حاجی مارف ، نوسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ،لا٩) ، هاتنە كایەی نوسین ئاسانكاری بوە بۆ مانەوەی روداو و كارەكانی مرۆڤ ، یارمەتیدەر بوە بۆ كورتكردنەوەی ماوەی نێوان كەسەكان كە نەدەتوانرا لە رێگەی دەنگەوە پەیوەندیەكانیان بە یەكتر بگەیەنن (فی .ئی.كۆدۆفۆن، سەرەتایەكی زمانناسی،لا ١٥٩) ، ئەوەی بۆ ئێمە جێماوە لەكۆن وەك بەلگەی ژیانی مرۆڤایەتی لە رێگەی نوسینەوە بوە ، روسەكان دەلێن وشە چۆلەكەیەكە دەفرێ و ناگیرێ ، ئەوەی بەقەلەم نوسراوە بەتەوریش نابرێتەوە ، لەدوای نوسراوی سەر كێلی گۆرەكان نوسینی سەردیواری ئەشكەوتەكان دیت (ریفورماتسكی، سەرەتایەكی زمانناسی ،لا٣٤٨) ، لە دەركەوتنی نوسین و دانانی هەر هێمایەك بۆ هەر دەنگێك تێپەراندنی جۆرەكانیتری نوسین بوە وەك نوسینی وێنەیی و نوسینی برگەیی و دواتر دنانانی هەر فۆنیمیك بۆ دەنگێك ، ئەو نوسینەش لە پەرەسەندندا بوە بە پێی پێشكەوتن و فراوانبونی قۆناغە مێژوییەكانی مرۆڤایەتی وەك لە بازنەكەدا نەخشەی بۆ كێشراوە ، بەپێی ئاستەكانی گەشەكردنی قۆناغەكان و پێداویستیەكانی مرۆڤ ، زمانیش (ئاخاوتن و نوسین) فراوانتر بوە وپەرەی سەندوە ، بە پێی ئەو تیورانەی لە بارەی زمانەوە نوسراوە زمانی مرۆڤە سەرەتاییەكان سادە بوە زیاتریش شێوازی ئاخاوتن و دەنگ بوە نەوەك نوسین ، نوسین گەر هەشبوبێت ئەوە شێوەی یەكەمی نوسین بوە كە وێنەبوە چونكە مرۆڤ لەو ئاستەی گەشەكردندا نەبوە تا رەمز یان هێما بەكار بێنی بۆ واتاو كارەكانی تەنیا لاسایكەرەوەی شتەكانی دەوروبەری بوە بۆ ناساندن ، لە بارەی پەیدابونی زمان چەندین تیورو گریمانە هاتوە مەبەست زیاتر ئاخاوتنە ، وەك گریمانەی دەنگەسروشتیەكان و گریمانەی بزاوتن و گریمانەی مۆسیقاو گریمانەی پەیوەندی كەهەر یەك لەو گریمانانە رێژەیەكی هەیە لە دروستبونی زمان تا ئەمرۆش كاریگەریان لەزماندا دیارە و ماوە(محەمەد مەعروف فەتاح،زمانەوانی ،لا ٩) ، ئەو گریمانانەش پاشماوەی كاریگەریەكانیان لە زۆربەی زمانەكانی جیهاندا هەیە ، مێژو و جوگرافیای سروشتی ژیانی میللەتان وایكردوە كە قۆناغەكانی مێژوی زمانیان تەریب بێت لەگەل ئەو فاكتەرانە ، مێژو پەیوەندی بە جوگرافیاو سروشتی ژیانی مرۆڤەكانەوە هەیە تا دەگاتە هزرە جیاوازەكان بۆ تەمەنی ئەو قۆناغە مێژوییانە ، دەبێ پشت بەو لایەنانە ی گەشەكردنی كۆمەلگاكان ببەستین و كاریگەریان لە سەر گەشەكردنی زمان بە گشتی ، كاتێك كۆمەلگایەك بە قۆناغێكی سەرەتاییدا تێپەر بوە پێداویستیەكانی مرۆڤ سادەو سنوردار بوە ، بۆیە زمانیش فراوان نەبوە بەو شێوەیە

بەلکو لە ئاستی ئەو پیویستیانەی بوە ، لە قۆناغی سەرەتایی ( کۆمۆن) ئەوە چەند هیمایەك و ئاماژەیەك بوە یان وێنەو جۆرێك لە مۆسیقا بوە بۆ كارێك یان هەلسوكەوتێك ، تا ئێستاش بەشێك لەو وێنەو هێماو دەنگانە بەكار دێن بۆ تێگەیشتن لە كارێكی دیاریكراودا ، بۆ نمونە تا ئێستاش لای هندیەكانی دۆلی روباری (ساكرانتو) هەر لەو ئاستە كۆمەلایەتیەو ئابوریەن (ویل دورانت ، مێژوی شارستانیەت، لا٣٤٧) لە قۆناغی كۆیلایەتیشدا درێژكراوەی قۆناغی یەكەم بوە بە جیاوازی لە دروستبونی چینەكان لە سەر بنەمای هێزو ئابوری ، ئەوەش رەنگدانەوەی هەبوە لەسەر گەشەی زمان و بەرجەستەبونی لە قۆناغێكی نوێدا ، لە قۆناغی كۆیلایەتیدا بەهۆی دروستبونی مولكیەی تایبەت و دروستبونی چینەكان بوە هۆی پێشبركێی زیاتر پەیداكردنی سامانی ژیان و خۆراك و پیداویستیەكانی مرۆڤ بیری لە چاندن و وەبەرهێنان كردەوە دەبوایە تێكەلاوی كۆمەلایەتی زیاتر هەبیت بۆ راییكردنی ئەو هەرەوەزیەو زمانیش كەرەستەی ئەو هەرەوەزیە بوە ، (انجلس ، اصل العائله، ص١٤) لە دوای دۆزینەوەی كانزاكان و هاتنەكایەی ئالوگۆركردنی كەلوپەلو دیاریكردنی شوێنی ئەو ئالوگۆركردنە وەك كارێكی بازرگانی پێویستی بە نوسین و دارشتنی قسەكردن لەو بارەوە هەبوە زمانیش ئەو رۆلەی بینیوە لەبەر ئەوە زمان لە ئاستێكی پێشكەوتوتر دەركەوت (سەرچاوەی پێشو،لا١٦) بە تایبەت لای یۆنانیەكان و هۆزە ئیتالیەكان ، لەگەل دروستبونی خێزان زمان زیاتر فراوان بوە چونكە ئەركی تاكەكانی خێزان فراوانتر بوە ،پەیوەندیەكانیش زۆرتر بوە و دواتریش زمان بوە بە رێگەی فێربونی هونەرەكانی ژیان و پەروەردەكردنی منال ، ژیان پێویستی بە گەشەكردنێكی خێراتر بو ، لەدروستكردنی كالاكانیان خەلكی لەو سەردەمە لە سەر نیشانەیەك رێكدەكەوتن بۆ ناسینی ئەو كالایە ، لە زمانەكانی گریكی و ئینگلیزی و ئەلمانی چەند وشەیەك هەیە دەگەرێتەوە بۆ نیشانەیەك وەك (پێنج) كە ماناكەی دەگەرێتەوە بۆ دەست ، لەلای رۆمانەكانیش (V) بۆ نیشانەی دەستێكی كراوە دێت واتە پێنج، (١٠) ش بەم شێوەیە (X) كە لە دو نیشانەی پێنج پێكهاتوە ( ویل دیورانت ، مێژوی شارستانیەت ، لا ١٧١) لە دروستبونی زمانە جیاوازیەكانیش رای جۆراجۆر هەیە ، هەندێك لایان وایە لەدوای فراوان بونی خێزانەكان و لە یەك ترازان و دوركەوتنەوەیانبۆ ناوچەی جیا جیا بەهۆی بارودۆخی جوگرافیاو جیاوازی ژیانی كۆمەلایەتی بوە هۆی دروستبونی زمانی جیاواز و لە یەك دوركەوتنەوە و دروستبونی شێوەزاری جیاواز ( سەجادی ،گ كۆری زانیاری كورد، لا٥٨) .

مێژوی قۆناغەكانی نوسین

لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان و پەیوەندیان بە یەکترەوە، بۆ زیاتر پەیوەندیکردن و ئاسانکردنی کارەکانیان بیریان لەو کردەوە کە ڕێگایەك بدۆزنەوە بۆ ئەو ئاسانکارییە، ئەویش داهێنانی نووسین بوو، بێگومان ئەو نووسینەش بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە ، لەسەرەتادا بەشێوەی وێنە هاتە کایەوە، هەر وێنەیەك بۆ واتایەك بەکارهێنراوە، بەشێك لەو وێنە و نیگارانە دۆزراونەتەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش ٣٥٠٠٠ ساڵ لە ئەشکەوتەکانی (لاسکو) لە فەرەنسان و (التميرا) لە ئەسپانیا(مرکز الاقلام،الکتابە المشترکە) ، لەبەر ئەوەی زمانیش سەرەتا بووە بۆیە وێنەکانیش لەو ئاستەدا بوون، هەروەها لەو ناوچانەی (هلال الخصيب) بەتایبەت لە شارستانییەتی سومەرییەکاندا بەشێك لەو وێنەو نیگارانە وەك زمان بەکارهاتوون ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ (٥٥٠٠) ساڵ، دوایی وردە وردە وەك شێوەو ڕەمز بۆ واتای مەبەست بەکارهاتوون. دوای ئەمانیش دانیشتوانی کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کە فینیقییەکان بوون کە دەگەڕێتەوە بۆ ١١٠٠) ساڵ پێش زایین نووسینێکیان داهێنا کە پشتیان بە نووسینی سومەری



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

و میسرییە کۆنەکان دەبەست ، لەو کاتەوە پیتی (ئەبجەد)یان داهێنا کە هەر پیتێك بۆ دەنگێك بەکاردەهات، لەدوای ئەوان گریگەکان گەشەیان بەو (ئەبجەد)یەتەدا کە لە فینقیییەکانەوە وەریان گرتبوو لە ٤٠٣ پ.ز کەبووە ئەبجدیەتێکی تایبەت بەخۆیان و بووە بنەما لە رۆژئاوا بەگشتی لەدوای ئەوانیش رۆمانەکان وەریانگرت کە پێکهاتبوو لە (١٢) پیت، (ئەبجەد) یەتی رۆمانی و زمانی لاتینی هەموو ولآتانی ئەوروپای گرتەوە دوای دەستبەسەرداگرتنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لەسەر ئەو ولآتانە. تاکو ئێستاش لەهەندێ شوێن بەکاردێت کە چەند گۆڕانکارییەکی بەسەرداهاتووە، بەلآم (ئەبجەد)یەتی عەرەبی دەرنگتر دەرکەوت ، چونکە عەرەبەکان سەرەتا زۆر بایەخیان بە نووسین نەدەدا، چونکە زۆربەیان ژیانی (بەدو) یەتیان هەڵبژاردبوو بایەخیان بە نووسین نەدەدا، بەلآم دوای هاتنەخوارەوی قورئان و بلآوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە جەزیرەی عەرەبی بەتایبەت دوای ئەوەی خەلیفەکانی راشیدین هەڵسان بە نووسینەوەی قورئان و لەگەڵ بلآوبوونەوەی ئایینی ئیسلام بە نێو میللەتانی تردا ئەبجەدییەتی عەرەبی بەناو زمانە کانیتریشدا بلآوبووەوە وەك فارس و ئەفغان و تورك، ئەوەش لەبنەڕەتدا لە نووسینە سامییەکانەوە وەرگیرابوو، ئەویش لە نووسینە فینیقییەکانەوە هاتبوو کە لە (٢٢) پیت پێکهاتبوو، کە لەرێگەی (ئەبیات) ەکانەوە هاتبو لەسەروی جەزیرەی عەرەبی دەژیان، ئەوانیش کاریگەری نووسینەکانی ئارامییەکانیان لەسەر بوو، لە کۆنیشدا نووسین لەسەر تەختەی قوڕ دەنووسرا، کە پێش ٤٠٠٠ ساڵ لای سومەری و بابلەییەکانەوە بەکاردەهات .

نووسین وگۆرانکاریەکانی زمانی کوردی :

بەشێك لەنوسەران هاتنی ڕێنووسی کوردی دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام لەوانەش مامۆستا سەجادی کە دەڵێ لەسەردەمی هەخامەنیشنی و ساسانییەکان و هاتنی ئیسلام مێژووی ئەو پیتانەی دەگەڕێتەوە بۆ (_١٢٠٠ تا ١٥٠٠) ساڵ (سەجادی ، دانانی نیشانەکانی پیتی کوردی، (گۆڤاری رۆژی نوێ ، ژ١٢، سلێمانی ١٩٦٠، لا ١٥)، بەلآم ئاوەڕەحمانی حاجی مارف ئەوە بە بۆچوونێکی زانستی نازانێت دەڵێ دەبێ پشت بەو دەقانە ببەستین کەلەبەردەستمانە (ئاوەرحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی ، ل٢٣). لەهەمان کاتدا دکتۆر نەبەزیش لە کتێبەکەیدا بەناوی زمانی یەکگرتووی کوردی باس لە پەیدابوونی ئەو رێنوسە دەگەڕێنێتەوە بۆ هاتنی ئایینی ئیسلام ( د. نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، ١٩٧٦، ل ٧٨) ، مستەفا نەریمانیش باس لەو دەکات کە سەرەڕای رێنووسەکە نووسەرانی کورد کتێبیان بەو رێنووسە چاپ کردووە، مستەفا نەریمان، ئاماژەی بۆ هەندێ سەرچاوە کردووە کە تیایدا دەڵێت: لەدەروبەری سەدەی دەیەمی (پ.ز) کەسێك بەناوی ( ماس سورات)ەوە جۆرە پیتێکی داهێناوە لەوکاتدا نوسینیان پێکردووەو ئەو جۆرە پیتانە لەو پیتانەی کە (ئاوێستا)ی پێ نووسراوەتەوە دەچێت، (مستەفا نەریمان، رێنووسی لەڕەگ و ڕیشەوە،ل١٦)، دەگوترێ کە (سید حسین) ناوێك لەناو کوپەیەکدا سێ پارچە نووسینی دۆزیوەتەوە لە سەر پێستی ئاسك بە زمانی پەهلەوی لەسەر پیتی ئارامی نووسراوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (پ.ز) ، بەلآم دوای ئەوەی کە ئایینی ئیسلام بەکوردستان بلآودەبێتەوە پیتەکانی ئارامی و یۆنانی وەلاوەنراوەو دەستکراوە بەنووسین بە پیتی (کوفی) ئەوە بە سەرەتایەك دادەنرێت بۆ نووسینی کوفی لەکوردستاندا، بێگومان سەرەتای نووسینی کوردی بەو پیتە عەرەبییانە شێوازێکی بۆ دەقە سەرەتاییەکان رەنگاندبوو کە بەبەراورد لەگەڵ قۆناغەکانی دواتر زۆر جیاوازی هەیە، ئەو پیتانە هەر تەنها نەبوە لە نووسینی کوردی، بەڵکو هەندێ جار وشەکانیش



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەرێگەی دەقە عەرەبییەكانەوە هاتونەتە نێو زمانەكە، بێگومان ئەو هاتنە ناوەوەش هۆكاری دیاری هەبە، چونكە نووسین و خوێندن سەرەتا لەمزگەوت و خانەقاكان دەستی پێكردووە، بابەتە ئاینییەكان بەزمانی عەرەبی دەخوێنران ، ئەگەر بكرابوایە كوردیش بەشێك لەو وشانە هەر وەك خۆی جیّ دەما، بۆیە دەقەكە تێكەڵ دەبوو بەزمانی كوردی و عەرەبی و هەندێ جاریش وشەی فارسی یان توركی تێدەكەوت، لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە دوو كتێبی كوردی لەلایەن مەلا محمودی بایەزیدی نووسراون بەناوی ( جامعی رسالییان و حكایتان) و (عادات و رسوماتنامەی اكراد) بە شێوەی كرمانجی، ئەگر تەماشای تێكستەكە بكەین پڕیەتی لە چەندین وشەی عەرەبی و رێنوسەكەی بەشێوەی عەرەبی نوسراوە، قۆناغی مێژووی ئەو سەردەمە لە كوردستان سەردەمی دەرەبەگایەتی بووە و، رێژەی خوێندەواری كەم بووەو ئەوەی هەبووە لەمزگەوت و خانەقاكان بووە كە زۆرترین بابەتەكانیش ئایینی و ژیانی پێغەمبەران و ژیانی كۆمەڵایەتی ئەو سەردمە بووە، كە بەو زمانە بووە خوێننەوارەكانی لەمزگەوتەكان فێری بوون، رۆژنامەی كوردستان كە یەكەم ژمارەی لەساڵی ١٨٩٨ بڵاوكراوەتەوە تێیدا سەرو ژێری بۆ هەندێ پیتی وشەكان داناوە وەكو عەرەبییەكە، ئەگەر بڕوانینە ئەو دەقە نووسراوانەی مەلا مەحمودی بایەزیدی بەتایبەت ئەو دەستنووسەی چیرۆكی (مەم و زین) كەمێژووی نووسینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی ساڵی ١٨٥٦، لەهەموویان كۆنترە (فەرهاد پیرباڵ، مەلا مەحمودی بایەزیدی، ل٢٦٧)، ئەو سەردەمە لەرووی قۆناغی مێّژووییەوە خوێندن سەرەتا بووە لە كوردستان، قۆناغی دەرەبەگایەتی بووە، فێربوون بەزمانی عەرەبی و دواتر بە كوردی كە زۆربەی وشەی عەرەبی لەدەقە كوردییەكانیشدا جیّ ماوە، مەولودنامەی شێخ حوسێنی قازی كەبەشێوەی كرمانجی خواروو نووسراوە لەساڵی ١٨٦٠ دا بەشیعر و پەخشان نووسراوە، بەڵام لەڕووی زمانەوانییەوە تێكەڵەیەكە لەعەرەبی و كوردی، تێكەستەكەی (مەم و زین)ی مەلا مەحمودی بایەزیدی كە مێژووی نووسینەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٥٦ كە لە هەموویان كۆنترە بەیەكەم چیرۆكی كوردی دادەنرێت، ئەو سەردەمەش كوردستان لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و تازە خوێندن بەو زمانە لەڕووی هونەرییەوە دەنووسرا ئەگەر پێشتریش دەقی شیعری هەبوو بێت ئەوا هەر بەم شێوەیە تێكەڵ بە زمانەكانی تر بووە ، دیارە كەوا خوێندەواری لەناو كوردا دەرنگتر پەیدابووە و بەسوود وەرگرتن لەزمانەكانی تر بۆ فێربوون باو بوونە، ئەوەش رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زمانی كوردی دوا خوێندن و نووسین ،لەچیرۆكەكەی مەم و زیندا ئەگەر بەشێك لەو دەقە وەربگرین و لەبارەی زمانی نووسینی دەقەكەوە ڕونكردنەوە بدەین، بێگومان زمانی دارشتنەكەی لەگەڵ سەردمی مێژووی نووسین و خوێندنی سەدەی نۆزدە كە خوێندنی كوردی بەشێوەیەكی دیار دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای نووسینی چیرۆكی كورد بەپێی دەقی چیرۆكەكە و قۆناغە مێژووییەكەی كۆمەڵی كوردی ئەو سەردەمە ، لەدەقەكەدا دەبینرێ زمانەكە پڕیەتی لە وشەی عەرەبی و بەشێوەی كرمانجی داڕێژراوە وەك ئەو بەشەی نووسینی دەقەكە كە تیایدا هاتووە ( دزەمانێ پێشینێ، ژ گایفا كورمانجێد عەرەبان، ژ سیلسیلا حەزرەتێ خالید، بخۆ سەر ، نە دبن حوكمێ كەسەكیدا حسێب كە ــ كوورا زەمانێ خۆد جەزیرە و ئەتراف ویدا هەرچی تایفەیێ كورمانجان كو هەبوو دنێڤ واندا وەكی قراڵەكی بخۆ سەر ، میر زەینەدین ناڤ میرەكی ب ناڤ و شان و مرخص العنان، خویێ مەقسەد و مەرام هەبوو ـ ژ بۆ میرێ مەعلووم ژی حەموو ئەسبابێ خوندكاری و مرادخوازی ژی د دەرجا كەمالیدا بوو میری مەعلووم ژی د حوسن و رەندیدا نادرە الزمان) وشەكانی زەمانن، وەخت، تایفە، الملوك، تاریخ ، هیجری، سیلسیلا، حەزرەت، حوكم، حسێب، مرخص، العنان، مەقسەد،



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

مەرام، مەعلووم ، ئەسباب، دەرجا، کەمال، حوسن، ناور، الزمان....تد، سەرجەم ئەو وشانە عەرەبین و کورد لەسەردەمی خوێندنی بابەتە ئاینییەکاندا بە زمانی عەرەبی فێری بووەو وتەنیا بەکاربردنی وەکو نووسێنێکی کوردی ئێستا نووسراون، لەو دەستنوسەدا رێنووسی کوردی کۆن بەکارهاتووە کە بەرێنووسی عوسمانلی ناوەزەتکراوە، کە ئەویش قۆناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەکان لەناوچە کوردنشینەکان کە خوێندنی ئایینی تێدا سەرەکی بووەو بەهۆی خەلافەتی عوسمانییەوە، مامۆستا سەجادی باس لەهەندێ چیرۆك دەکات کە لە کۆنەوە دەماودەم گێردراونەتەوە و بەشێوەی زاری ناوچەیی، چونکە زارەکی بووەو نەنووسراوە و خاوەنی دیار نییە، بەڵام بەپێی هەڵبەستنی ئەو جۆرە چیرۆکە سادانە هەر دەگەڕێنەوە سەردەمی مێژوویێك لە کوردستان سەرەتای دەرەبەگایەتی بووە، چونکە لەو سەردمە زمانی نووسین ئەو زمانە بوە کە قسەی پێکراوە لەهەر ناوچەیەکدا ، ئەو کەسەی گێڕاویەتییەوە لە کۆڕ و گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەزمانی کەسی گێڕەرەوە بووە، (دەقەکانی ئەدەبی کوردی، سەجادی، ل٦٩) ، لەدوای ئەو قۆناغە کە چاپ و چاپەمەنی لەنێو کورد پەیدا بوو بەشێك لەو چیرۆك و پەخشانانە دەنووسرانەوە و زمانی نووسینەکەش باشتر دەردەکەوت، دەقێکی تری (مەولودنامەی شێخ حسین قازی) یە کە لەسەدەی ١٩ یەمدا نووسراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٣٥ چاپکراوە و دەستکاری بەشێك لەشێوەی نووسینەکەی کراوە کە بەم شێوەیە ماوە ((لەپاشان عبدالله خەلوەتی کرد، شەوی جمعە ل خەلوەتی تاعەتدا، نوێژ محمد المصگفی السلام نەقل بۆ لە تەرەفی ئەلای ئامینە خاتوون باقی ما، عبدالله بە صحبتی ئامینەدا ئەو نورە شوعلەی دەدا لەرۆژی ئامینەی کچانی قەبیلەی قورەیش لەخەفەت ون لە حەسرەتی ئامینە کە ئەو ئۆزە بەنسیبی ئەوان نەبۆ وەهایان لێ هات سەد کەسیان لێ مرد)) (هەمان سەرچاوە، لا ١٨٠) هەر چەندە ئەگەر دەستکاریش کرا بێت، بەڵام دەبینین شێوازی نووسینەکەی بەتەواوەتی کاریگەری زمانی عەرەبی و رێنوسی عەرەبی پێوەدیارە وەك لەووشانەدا: خەلوەت، جمعە، تاعەت، نور( ئەو فەتحەیە بۆ درێژکردنی (و)) ، نەقل، باقی، صحبتی، شوعلە، قەبیلە، نسیبی)) سەرجەم ئەو وشانە هەموو وشەی عەرەبین بەهۆی کاریگەری ئایینەوە پەڕینەتەوە نێو زمانی کوردی ئەو سەردەمە، لەپاڵ ئەمەشدا رێنوسەکە تا ئەوکاتەش (سەرو ژێر و واو) بەشێوەی عەرەبی دەخرانەڕوو، ئەو قۆناغە و شێوازی نووسینە کە نیشانەی سەردەمێکی دیاری فێربوونی خوێندەواری و نووسین بوە لە حوجرە و مزگەوتەکان بابەتەکانیش زیاتر ئایینی بوە، ئایینەکەش بە زمانی عەرەبی هاتۆتە نێو کورد، ئەگەر چی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم تاڕادەیەك هەستی نەتەوایەتی پەرەی سەندووەو و دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی و هاتنی ئینگلیز بۆ عێراق و کوردستان ، ئەوە ئەدەبەکەش بەرەو پاککردنەوەی زمان چووە، ئینگلیز هەوڵی داوە کە زمانی کوردی لە دەقی پەخشان و چیرۆکدا پاکبکرێتەوەو و لەوشەی بێگانە و پشتگیری نووسەری کوردی کردووە لە دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە بەزمانی کوردی، لە ساڵی ١٩١٣ گۆڤاری رۆژی کورد چیرۆکێی بەناوی (شویش) ی فوئادی تەمۆ کە بە دیالێکتی کرمانجی نووسراوە تێدا بلاوکراوەتەوە ، بەڵام بەدەر نییە لە وشەی زمانی بێگانە، ئەو سەردەمەش کە ئەو چیرۆکەی تێدا نووسراوە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی جیهانی یەکەم کە ئەو کات عێراق بە کوردستانیشەوە لەژێر سیستەمی دەرەبەگایەتی بوو، خوێندنیش لەرێگەی مزگەوت و سەرچاوەی عەرەبی و فارسییەکانەوە بووە، دوای ئەو سەردەمە لە ١٩٢٠ بەدواوەو و سەرهەڵدانی شۆڕشی شێخ مەحمود هەستی نەتەوایەتی وایکردووە کە باری ئەدەبیش گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام تاڕادەیەك هەر



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

نەیتوانیوە لەژێر کاریگەری زمانی عەرەبی و فارسی بەجارێك رزگاری بێت، ئەگەر تەماشای گۆڤارەکانی پێشکەوتن و ژین و ژیان بکەین، دەبینین ئەو دەقانەی لەو گوتارانەندا بلاوکراونەتەوە زمانێکی تێکەڵە و بەڵگەیە بۆ سەردەمێکی دیاریکراوو، رەنگە تاوەکو هاتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بەهۆی گۆڕانکاری لە قۆناغە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە ئاشکرا ئەو جیاوازییە لە بەکارهێنانی زمانی نووسینی چیرۆك بەدی بکەین، داڕشتنی چیرۆك زمانێکی گشتی نزیك لە زمانی قسەکردنی ناوچەیی و تێکەڵ بەو وشانەی کە لەزمانی بێگانەوە بەهۆی خوێندنەوە هاتووتە نێو زمانی کوردی، لەکاتی شۆڕشی شێخ مەحمود کاریگەری هەستی نەتەوەیی وایکردووە کە زمانەکە زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ لە پاککردنەوەی زمانی بێگانە ، لەساڵی ١٩٢٥ چیرۆکی (لەخەوما)ی جەمیل سائیب بە زمانێکی پاراوتر نووسراوە . ئەو دەمە قۆناغی کۆمەڵایەتیش گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە بینیوە، هزر و بیری تاکی کورد بەروە ئاراستەیەکیتر هەنگاوی نا بوو کە جیاوازی چینایەتی و هەستی نەتەوایەتی لە برەودابووە، ئەگەر بەشێك لەو دەقە وەرگرین بەمشێوەیە ((شەوێك لەخەوما وا لە دنیادا گیرم خواردوە، ساحیب کولفەت و منداڵ، بێ پول و بێ پارە دەست سپی و بێ مایە ماومەوە، زۆر ئەحوالێکی خراپ و ناخۆشم هەیە....))(جەمیل سائب ، لەخەوما،لا ) دەبنینین بەبەراورد لەگەڵ زمانی نووسینی چیرۆکەکانی مەلا مەحمودی بایەزیدی و فوئادی تەمۆ زۆر جیاوازە ، هەر چەندە هەندێ وشەی عەرەبی و تورکی تێدا دەبینرێ، بەڵام بەرێژە لەگەڵ چیرۆکەکانی پێشتر پاراوترە لەوشەی بێگانە، لەدوای ئەو چیرۆکەش چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف لەساڵی ١٩٢٧-١٩٢٨ نووسراوە بە کوردیەکی رەوان و جوان نووسراوە، لەڕووی ناوەرۆکیشەوە ئەو چیرۆکە رووداوەکانی سەردەمێك دیاریدەکەن کە لە کوردستان هەستی نەتەوەیی نیشانداوە نووسەر چۆن هەوڵی داوە زمانی پاراوی نەتەوەکەی بەکار ببات، دوا بەدوای ئەوانیش شاکر فەتاح لە چلەکاندا نزیکەی یانزە(١١) چیرۆکی هەیە، یەکێك لەو چیرۆکانەی کە پێوەی ناسراوە چیرۆکی (مدیر بەگ)ە کە تاڕادەیەك زمانێکی پاراوە، ئەگەر چی بەرێژەیەکی زۆر کەم هەندێ وشەی عەرەبی تێدا دەبینرێ، بەڵام هەوڵەکانی نووسەری پێوە دیارە کە لەدوای پاککردنەوەی زمانەکە بووە کاتێك دەڵێ: (( رۆژی سەد جار بتدیایە ئەبو بتگوتایە بەسەری تۆ لەبەرەوە رووی خۆتانە بێ بلێم دانیشتووی، هێشتا ولاخی وەك هینەکەی تۆم لە ژێر کاسا نەدیوە، مەگەر لای قوماندانە فەرەنگەکە ئەم دوربینەم چاو پێکەوتبێ، خۆ دەمانچەکەت بەخوا هێشتا باوکی (متصرف) یش بەقەدەخۆیەوە نەدیوە )) (عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی ، ل١٢٠). هەر چەندە چەند وشەیەکی ناوچەیی تێدا دەبینرێ، بەڵام وشەکانی کوردین و وشەی بێگانەی کەم تێدا دەبینرێ... لەو قۆناغەدا کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مێژووییەوە نووسینی پەتی کوردی دەست پێدەکات، دوای دەرچوونی چەندین گۆڤاری کوردی وەك پێشکەوتن و شەفەق و هیوا رێگە خۆشکەربوون بۆ پەرەپێدانی زمانی نووسین، لەدوای شۆڕشی (١٩٥٨) و گۆڕانگاریی لەسیستەمی حوکمڕانی و هاتنی قۆناغێکی نوێی مێژوویی و کۆتایهاتنی دەرەبەگایەتی کاریکردە سەر گۆڕانکاری لەڕووی رۆشنبیری و هونەریشەوە بەتایبەت زمانی نووسین، لەسەرەتای شەستەکاندا (ئەمین میرزا کەریم) کۆمەڵە چیرۆکی (لێوی ئاگرین) (عومەر مارف بەرزنجی ل١٤٥)ی نووسیوە و زمانی نووسینەکەشی زۆرتر کوردییەکی پەتییە شۆڕشی تەمموز لە عێراق کاریگەری خۆی کردۆتە سەر وەرچەرخانی کۆمەڵی عێراقی بە کوردیشەوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی لەناوچوهەر چەند پاشماوەکانی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تاڕادەیەك جێما، بەڵام ژێرخانی ئابووری و سەرخانی گۆڕانی بەسەردا هات لەو کاریگەرییانەش ئەو گۆڕانە رۆشنبیری



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

و هزریە بوو، چونکە سەردەمی دەرەبەگایەتی لەکوردستان لە مزگەوت و خانەقا و تەکییەکان بووە و بەزۆریش بەرهەمی عەرەبی وئاینییەکان خوێنراوە لەگەڵ شانامەی فارس ئەوەش راستەوخۆ لەزمانی نووسینی کوردی دەرکەوتووە وەك لەو دەقانەی پێشتر بەنمونە هێناومانەوە، هەستی ئایینی زاڵتر بووە لەسەر هەستی نەتەوایەتی، بەڵام دواتر هەستی نەتەوایەتی وردە وردە بەرەو هەڵکشان چووە تا شۆڕشی شێخ مەحمودی لێکەوتەوە لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕشەکە بەسەرکردایەتی شێخەکان بوە، بەڵام خاوەنی هەستی نەتەوایەتی بووە و هەوڵی دەرکردنی چەندین گۆڤار و رۆژنامە دراوە بەزمانی کوردی، تا ساڵی هەفتاکان ئەو هەستە رۆشنبیرییە نەتەوەییە لە هەڵکشاندا بووەن لە ١٩٧٠ بەدواوە بارودۆخی سیاسی کوردستان بەرەو پێشتر چوو، چونکە ماوەیەك بوو بەهۆی شۆڕشەکانی ئەیلول و جولانەوە کوردییەکان سستییەك لە بواری رۆشنبیرییەوە هاتبوە کایە، بەڵام لەو ساڵەوە (١٩٧٠) بەدواوە بەهۆی گۆڕان و هاتنە کایەی دۆخێکی سیاسی نوێ رێگە کرایەوە لەبەردەم نووسین و قەوارەی چاپەمەنی ، وشەی کوردی زێدەتر برەوی بۆ رەخسا بۆ نێو دەقی چیرۆکی کوری، بەهۆی هاتنی رێبازی نوێی نووسین وەك فەنتازیا و رەمز دەروازی زمانی نووسین فراوانتر بوو، زمانی نووسین بەرەو پاککردنەوەیەکی تەواو هەنگاوی نا بەهۆی پێشپرکێی جوانی نووسینی دەق و بەکارهێنانی وشەی کوردی بۆ دەربرینی شێوازی دەقەکان، زمانی ئەدەب و نووسین بەتەواوی پێگەیشت، دەتوانین بڵێین تاوەکو هاتنی راپەڕینیش نووسینی کوردی بەردەوام پەرەی سەندوە، بۆ نموونە ئەگەر چەند دەقێکی نووسینی ئەو ماوەیەی چیرۆك وەربگرین و لە شێوازی داڕشتنەکەی وردبینەوە لە دوای شۆڕشی تەمموز تا حەفتاکان بەنموونە:

لەچیرۆکەکانی مەم و عبداللە ئاگرین دەتوانین ئەو زمانە کوردییە بەدی بکەین ئەگەر پەرەگرافێك لە چیرۆکی ( گیانی مەردی) عەبدوڵڵا ئاگرین وەرگرین بەم شێوەیە : (( هەناسەی ناسۆری ئاگرین، دەردی لەناخی بەکوڵ و پەرۆشییەوە تێکەڵ بەچەم و روباری خوێناوی ئەسرین ئەبێ، شەوێکی تاریکی تەنیایی پڕ لە ترس و سامناکی کە تەقە و گوللە باران وەك بریشکەی برژاو بۆ ناو هەناو جەرگی رۆڵە کوژراوە )) ( رۆژنامەی برایی ، ژ ١٠،٣٩٩/١٩٦٨) زمانی نووسین زمانێکی پاراوی نووسەرەو سەردەمەکەش کەلەو ساڵانەدا هەستی نەتەوەیی لە لوتکەدابووەو یەکێك لە ئامانجەکانی نەتەوەش هەوڵدان بووە بۆ خوێندن و نووسین بەزمانی پاکی نەتەوە، لە (١٩٧٠) بەدواوە ئەوە زیاتر ئەو هەستە خرۆشاوە هانی نووسەرانی داوە کە زمانی جوانتر و هونەری لە نووسیندا بەکارببەن، د. کاوس قەفتان لە حوزەیرانی ١٩٧٢ چیرۆکی (پانتۆڵەکە)ی نووسیوە تێیدا دیارە کە زمانی نووسین پڕاو پڕی وشەی پەتییە وپاراوە ئەگەر چی هەندێ وشەی ناوچەیی پێوە دیارە، بەڵام وشەکانی کوردین و تایبەتن بە ناوچەی سلێمانی کاتێك دەڵێ: (( بۆ نا؟ بەڵێ ئا و هەزار جاریش ئا، بۆ رۆژێکی وەها تەنها دیمۆڕێ لەجێی خۆیەتی، تێری لێ ئەخوا و پیاوەتیشی بەسەرەوە ئەکات. سوڕێکی لەناو دەستی دا بە پاکەتەکەدا.

ـ خۆ کەتەواویش بوو مەرج بێت وەکو مرۆڤێکی خۆشەویست چاڵێکی بۆ هەڵکەنیت و بینێژیت. لەر مەگەر خوا خۆی بزانێت کەی بۆی ئەلوێت پاکەتێکیتر بکرێتەوە)) ( نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ ل١٠٩) ئەم چیرۆکە لەساڵی ١٩٧٣ نووسراوە، نووسەر دەریخستووە کە چۆن زمانی پاراو رۆڵی هەیە لە دەرخستنی ناوەرۆکی دەقدا و گونجانە لەگەڵ سەردەمەکەش، واتە ئەو کاتە ئەو جۆرە بابەتە گونجاو بووە کە بەم زمانەی گفتوگۆ و زمانێکی پاراو بنووسرێت، لەماوەی ساڵانی دوای ١٩٧٥ زمانی نووسین لە چیرۆکی کوردی زیاتر بەوە رەمز چووە بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

سیاسی باشووری کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ، بۆیە نووسەران زمانی داڕشتنی چیرۆکەکانیان پەرەپێداو و فروانتر بوو بەرەوە رەمزو فەنتازیا بۆ پەردەپۆشکردنی دۆخەکە و وشیارکردنەوەی گەلی کورد لەلایەکیتر بەهۆی وشەو رستەکانەوە لە هەشتاکانیش ئەو شێوازە نووسینە بەردەوام بووە تاوەکو راپەڕین لێرە چەند دەقێکی نوسەرانی ئەو سەردەمە دەخەینە بەرچاو:

شێرزاد حەسەن لەو چیرۆکنووسانەیە کە زمانی فەنتازیا لای ئەو وەك بیرکردنەوەی منالێکی ساوایە، خەوەنە لە دەروازەی ناخەوە هاتۆتە دەرەوە، زمانی نووسین بۆ ئەو سەردەمە وەك رەمز وجوانی ناسین بەکارهاتووە، وەك لەدەقی چیرۆکی (شاعیر) دەبنینین (( زۆر لەمێژە خەون بە گەشتێکی تەنیایی وە دەبنێ.. کۆترە شیعرێکی عیشق لەسەر زاریەتی و لە ئاسمانی شاردا بەرەڵای ناکات ـ شاگەشکە بووە ئەگەر چی خەمێك دڵی تەنیوە.... وەك خەمی ساتەوەختی ماڵئاوایی دڵداران: ڕووەو ئەو دەشتە مل دەنێ ... بەڵکو فرمێسکی جودایی و تاسەی ڕاموسان و موچرکی ماچ ببینێ بەسروشتی شیعرێکی عاشق و گۆناتەڕ ـ وەك ژنێکی سك پڕ....)) ( شێرزاد، تەنیایی، لا١١٥) نووسەر شێوازە نووسێنێکی بەکارهێناوە و زمانێکی کوردی ڕسەنە،بەڵام پڕە لە هونەری فەنتازیا و چواندن، بێگومان زمانی نووسینەکە زۆر یارمەتیدەری نوسەرە بۆ داڕشتنی ئەو هونەرانەی بۆ مەبەست ڕووی تێکراوە، چونکە نوسەر گەر شارەزایی زمانەکە نەبێ بەدروستی ناتوانێت بەم شێوەیە دەسەڵات بەسەر هونەرەکانی داڕشتن دا بگرێت، کاکە مەم بۆتانی لە ١٩٧٥ دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد چیرۆکێکی نوسیوە بەناوی (هەرەس هێنانی بەندی مەئدەب) چیرۆکەکە شێوازی رەمزە بۆ ئەو کارەساتەی کە بەسەر کورد هاتووە، بەڵام پڕە لەفەنتازیا و وشەی پێچەوانە و نیشاندانی وێنە لەوێنەکیتردا، بێگومان ئەوەش بەهۆی زمان پاروی نووسەرەوە بەو کاریگەری سەردەمە مێژوویەکەشە وەك لەدەقەکەدا دەبینریێ: (( تۆف ئاسمانی شینی لێل کرد و لافاوی شێتی لەتەك خۆی بارکرد، شوێن پێ یەکانی سڕیەوە، دەمارە بەردی کێوە رووتەکانی لێستەوە ، خۆڵ و پیت و بەرەکەتی لەخۆی بارکرد و کشا، کشاو بەرەو خوار هەنگاوی کوێرانەی دەنا، بروسکە، هەژانی ئاسنی تواوەی ژێر زەوی بوو، کەلاوە دێ و وێرانە شاری.... )) ( بازنە؟ کاکە مەم بۆتانی ، لا٣١) نووسەر بەتەواوەتی زمانی نووسینەکەی هاوتەریبە لەگەڵ سەردەمە شومەکە کەستەم وزۆرداری رێگە لەبەردەم ئاشکراکردنی ناخەکان بۆیە بە ناچاری ناونیشانی بابەتەکەشی شتێکی ترە ، بەڵام لە ناوەرۆکدا باسێکیترە دیارە ئەمەش پەیوەندی بە بەکاربردنی زمانی نوسەرە لەپاراوی و وشەی فەنتازی کە بوە داهێنانێك لەو سەردەمە، رەوف بێگەرد یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بە زمانێکی سادەو پاراو چیرۆکەکانی نوسیوەو زمانی پاراو ریالیستیانە بەهەندێ جاریش روی کردۆنە رەمز، لە (١٩٨٥) چیرۆکی (تەقینەوە)ی نووسیوە بەمشێوە دایڕشتوە: (( نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم و چۆنیش کۆتایی بەم نامە بێنم، ڕەنگە لای تۆ نامە نووسین وەك ئاوخواردنەوە یان هەوا هەڵمژین ئاسایی بێت. کە چی وشەی لای من ڕوو بەرووبوونەوەی مەلەنەزانێکە لەگەڵ شەپۆل و گەرداوەکانی دەریادا)) ( هەلۆ، رەوف بێگەرد ، لا ٩٧) ، لێرەدا هیچ وشەیەکی بێگانە نابینرێت و زمانێکی پاراوە ، کوردی ڕەسەنە، هەندێ وشەش نیشانەیە بۆ سەردەمەکە وەك بەکارهێنانی دوو (وو) وەك لەنووسین ، (ڕووبەڕوو) بوونەوە کە ئەمانە لە ئێستا بەیەك (و) دەنووسرێت، بەڵام تا کۆتایی هەشتاکانیش هەر بەم شێوەیە دەنووسران ، لەدوای (١٩٩٠) ەوە بە ڕونتر لە راپەڕین بەدواوە بەهۆی کاری وەرگێڕانەوە و شارەزابون لەزمانەکانیتر و شێوازی داڕشتینان هەندێ گۆڕانکاری هاتەکایەوە لە شێوازی نووسینی


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

چیرۆك، كرانەوە و چاپەمەنی زۆر بواری رەخساند بۆ پێشبڕكێی زیاتر لەبواری نووسین و شێوازەكانی دەربڕین نووسەران هەندێ وشەیتریان بەكاردێنا كە نیشاندانی رێبازو شێوازیتری نووسن بوو، پەرەپێدانیش بوو بە نووسینی چیرۆك و رۆمان، رەوف بێگەرد ئەگەر بەشداری لە شێوازی حەفتاكانیەوە هەبوە لەبواری چیرۆك، بەڵام دەبینین لەدوای راپەڕینیش زیاتر بایەخی بە زمانی دەربڕین داوە و وەك لە چیرۆكی ورێنە: (( ئەو شەوەی كۆمەڵە منداڵەكەت بینی وات هەست كرد یاری تارماییەكان دەكەن و ، وەك گەلێك شەوی هەر منداڵان دەبنە میوانی خەونەكانت دێن و كەدەستیان بۆ دەبەیت ون دەبن، كەچی ئەمان وەك بەناو شاری گوماندا تێپەڕن تاك تاك بەدوای یەكتردا ریزیان بەست، بەو تاریكییەدا و بە پاڵ ماڵەكانی ئەو بەرتانا تێپەڕ بن....)) ( كۆمەڵە چیرۆكی، رەوف بێگەرد ، ل٤٦١). ئەو چیرۆكە لە ١٩٩٠ نووسراوە ، بەڵام زمانەكە تەواو پاراوەوو هەر چەندە لەڕووی هونەریی داڕشتنی چیرۆكەوە نوسەر زۆر پەی بەوە نەبردوە كە رێبازێك تێدا رەنگ بداتەوە، بەڵام لەڕووی نووسینەوە ئەوا بەدەرە لە وشەی بێگانە و رەنگدانەوەی نووسینی سەردەمی دوای راپەڕینە، فەرهاد پیرباڵ لە چیرۆكی پەناهەندە كەلەساڵی ١٩٩٢ نووسراوە ، زمانێكی نووسینی زۆر جیایی بەكارهێناوە، هەموو وشەكانی كوردی پەتین، بەڵام شێوازی رێكخستنی رستەكان زۆر جیایە، دەشێ نووسەر كاریگەر بووبێت بە شێوەی داڕشتن لەزمانێكی ترەوە وەك لەدەقی ئەم چیرۆكەدا دەبینین: (( ئێوارەیەك پەناهەندەیەكی كورد، لەشاری میونیج، چوو لە گازینۆیەك دانیشت، گارسۆنەكە هات لێی پرسی:

- فەرموو چی دەخۆیتەوە ؟

پەناهەندەكەش وتی:

- زەحمەت نەبێ، (دە) مۆز!

گارسۆنەكە دوای ماوەیەك (دە) مۆزی لەناو سەبەتەیەك بۆ هێناو داینایە سەر مێزەكە.

پەناهەندەكە زۆر بەتاسوقەوە، مۆزی یەكەمی خوارد و پەلكەكەی فرێ دایە سەر شۆستەكە،مۆزی دووەمی خواردو پەلكەكەی فرێدایە سەر شۆستەكە ، مۆزیی سێیەمی خواردو پەلكەكەی فرێ دایە سەر شۆستەكە، مۆزی چوارەمی خواردو پەلكەكی فرێی دایە سەر شۆستەكە)) ( فەرهاد پیرباڵ ، پەتاتەخۆرەكان، لا٤٧). دەبنین ئەو جۆرە نووسین و داڕشتنە لەدوای راپەڕینەوە وەك شێوازێكی تازەگەری هاتۆتە نێو نووسینی چیرۆكی كوردی، واتە دووبارە كردنەوەی چەندین ڕستە بۆ یەك واتا، ئەوەش بەدڵنیاییەوە كاریگەرییەكی زمانی نوسەرێكە كە نوسەری كوردی وەك داهێنانێكی نوێی نووسین بەكاری بردووە ، چونكە ئەو جۆرە داڕشتنە لەسەردەمەكانی پێشتری نووسینی چیرۆك نەبوە، سەردەمەكەش دوای راپەڕینەو كاریگەری ئەدەبی بێگانە فراوانتر بووە و لەسەر ئەدەبی خۆمان، نوسەریش بەشی زۆری ژیانی لەدەرەوەی وڵات بووەو ڕەنگە سەرچاوە بێگانەكان رەنگدانەوەیان لەسەری هەبووبێت یان سوودی لێیان وەرگرتبێیت، سابیر رەشید یەكێكە لەو نووسەرانەی توانیویەتی زمانێكی تازەی نووسین بەكاربێنێت وەك كورت كردنەوەی داڕشتنی زمان بۆ واتایەكی قەبەو فراوان لەراستیدا ئەوە شێوازی ئەمرۆی نووسینی چیرۆكە ، چونكە نوسەر لەرێگەی كورتكردنەوەی زمانەوە لەسەر گونجاندنی بۆ توانای كاتی خوێنەر بۆ چیرۆك دایڕشتووە، زمانێكی پاراو، وشەكانی خۆیان لەجێی رستەیەكی واتادار بەكارهاتوون بێ ئەوەی درێژدادری تێدا بكات وەك لە كۆمەڵە چیرۆكی (ئاوێنە)دا كاتێك نووسەر دێت بەو شێوەیە دەنوسێ، خۆی دەڵێ سوودی لە چیخۆف و ناتالی ساروت یان كافكا بەم شێوەیان نووسیوە، توانای نوسەر لێرەدا لەوەدایە كە چۆن ئەو وشە كوردیانە بدۆزێتەوە بۆ



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێشکەشکردنی واتایەکی بەهێز وەك وێنەیەکی کاریکاتێری دایرشتووە لە چیرۆکی ئاوێنەدا دەڵێ: (( کە لە ئاوێنە شکاوەکەی بەرامبەرم سەیر دەروپشتی خۆم دەکەم، هیچ کەسێك بەدی ناکەم، شارێکی تەماوی و خامۆش... خەڵکی ببینە قاقای مەرگ... نا کەس پەچەکان دەبینرێن بیروتکییان لەسەر ملی خەڵکی کردووە و لەم سەرو ئەوسەری شار تەراتێن دەکەن و میز بە ئاوێنەدا دەکەن)) ( سابیر رەشید، ئاوێنە لا ٧) نوسەر کۆمەڵێك بابەتی نوێی لەرێگەی زمانەوە هێناوەتە نێو چیرۆك وەك فەلسەفە و رێبازی رەمزی، دیارە رەچاوی باری سایکۆلۆژی خوێنەری کردووە لە کورتکردنوەی رستەکان لەقالبی وشەدا. ئەگەر بەشگتی سەیری زمانی ئێستای نووسین بکەین بەشی زۆری نوسەرانی چیرۆك رووبان لەو شێوازە دارشتنە کردووە بۆ نووسینی چیرۆك ن هێمن بەرزنجی ئەویش لەو شێوازە دارشتنە دوو نەکەوتۆتەوە ، گرنگی زمان و پاککردنەوەی هاندەرە بۆ دارشتن ئەو شێوە دەقانەی چیرۆك، بێگومان نوسەر دەبێ شارەزاییەکی باشی زمانی ئەمرۆی نووسینی هەبێت، لەبەر ئەوە مۆرکی سەردەم و بابەتەکان تەریبن لەبەکارهێنانی زمان بەم شێوەیە لەمرۆدا، کاتێك سەردەمی خێرایی و بی کاتییە لەخوێندنەوە، چونکە درێژدادری و تێکەڵکردنی زمانی بێگانە لەگەڵ زمانی دایك بۆ ئەمرۆی نووسین نەشیاوەوە و گەرانەوەیەکیشە بۆ کۆن ئەو کاتەی کەرەستە زمانییەکان کەم لەبەردەستدا بوون. بەڵام ئەمرۆ زمانی کوردی چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەبارەی وشەی رەسەنی کوردی لێکراوە بۆ دارشتنی هەر دەقێك ـــ ئەگەر چی چیرۆك باس لەرووداوێك دەکات ، بەلام چالاکییەکی زمانیشە توانای گەشەو گۆرانی هەیە بەپێی سەردەم سەرچاوەی کاریگەری دروستبوونی زمانی ئەدەبی و گەشەکردنی پەیوەندی بەگەشەی قۆناغەکاننی مێژووەوە هەیە، دیارە جگە لەکاریگەری سەرچاوەکانی خوێندن و فێربوون نوسەرالان و رۆشنبیرانیش رۆڵیان لەو گۆرانکارییە دەبێت، تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی رۆڵی گرنگییان هەبوە لە و داهێنانەدان لەچیرۆکدا زمان ئامانج نەبوە بۆ داهاتنی زمانی کوردی رەسەن، بەپێی قۆناغەکانی دەتوانین بڵێین تا ئێستا سێ جۆر زمانی نووسینمان هەیە، یەکیان زمانی کلاسیکە لە تایبەتمەندییەکانی تێکەڵە بە وشەی عەرەبی و فارسی لەگەڵ وشەی ئایینی، زمانی عوسمانلی کە ئەمەش زۆری نەخایاندووە، زمانی کوردی پەتی ، لەسەردەمی نووسەر ناودارەکانمانەوە و تاوەکو ئێستا بەردەوامە، ئەمرۆ زمانی نووسینی کوردی تارادەیەك گەڵاڵە بوە، بەڵام زمانی یەکگرتوو نییە، تەنیا لەبەشێك لە کوردستانی باشوو چاپ و نووسینی پێدەکرێت، بەلام بۆ ئەو سنوورە زمانێکی کوردی پاراوە بۆ نووسین چ لە خوێندن چ لەبەرهەمی ئەدەبیدا، ئەوەش جێگەی ئومێدێکی .... بۆ خوێنەر و فێرخواز و نووسەری کورد و بۆ نەتەوەکە کە ببێتە خاوەن زمانێکی یەکگرتوو.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## ئەنجام

لەو لیکۆلینەوەیەدا گەیشتین بەو خالانەی خوارەوە :

١- مێژوو بە چەندین قۆناغی جیاجیادا تێپەریوەو بە سروشتی خۆی لەرەوتی بەرەوپێشچون ناوەستێ ، چەندین گۆرانکاری دەبێتە سیماو خەسلەتی هەر قۆناغێك ،ئەو گۆرانکاریانەش بەهۆی چەندین فاکتەری کۆمەلایەتی ،چینایەتی ، ئابوری ،سیاسی ...تد هاتۆتە کایەو کاریکردۆتە سەر گۆرانکاری نویَ لە ژیانی هەر کۆمەلگایەکدا ،لەوانەش زمان و نوسینی نەتەوەو میللەتانە.

٢- گۆرانکاریەکانی زمان گشتین لە زمانی هەموو نەتەوەیەکدا لە نوسین و قسەکردندا ،

٣- لە بواری چیرۆکی کوردیشدا ئەوگۆرانکاریانەمان بە رونی بۆ دەرکەوتوە بە پێی گۆرانکاری و بەرەو پێشچونی کۆمەلگەی کوردی لەگەل رەوتی مێژودا ، لە نێو دەقەجیاوازەکاندا ئەو ئاستانەی نوسین دەبینریَ

سەرچاوەکان


١-ئاورەحمانی حاجی مارف ،نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، چاپخانەی عەلا،١٩٨٦بەغدا ،

٢- جەمیل سائب ، لەخەوما ،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا،١٩٧٥

٣- د.جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتوی کوردی،بامبیرگ ئەلمانیا،١٩٧٦

٤- ویل دیورانت ،و:ئازاد بەرزنجی،دەزگای سەردەم ،سلێمانی ،٢٠٠٧

٥- عەزیز گەردی ،پەخشانی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ،هەولیر،١٩٨٧

٦- عومەر مارف بەرزنجی ،لێکۆلینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد،بەغدا،١٩٧٨

٧- عەلادین سەجادی ، دەقەکانی ئەدەبی کوردی ،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد،بەغدا، ١٩٧٨

٨- محەمەد مەعروف فەتاح،زمانەوانی ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولیر،١٩٩٠

٩- مستەفا نەریمان،رێنوسی کوردی لە رەگ و ریشەوە،وەزارەتی رۆشنبیری،بەغدا، ١٩٨١

١٠- فريدريك انجلس،ت:احمد عز العرب، اصل العائله والملكيه الخاصه ،١٨٨

١١- ریفۆرماتسکی ، سەرەتایەکی زماننناسی،مۆسکۆ ،١٩٦٧

١٢- رەمزی بەعلەبەکی ،نوسینی عەرەبی سامی،

١٣- رەوف بێگەرد ،هەلۆ،وەزارەتی رۆشنبیری،بەغدا ،١٩٨٩

١٤- د. کاوس قەفتان ،نیو هەنگاو دور لە دۆزەخ،دەزگای رۆشنبیری،بەغدا ،١٩٧٩

١٥- کاکەمەم بۆتانی ،بازنە،چاپخانەی شارەوانی ،هەولێر،١٩٧٩

١٦- فەرهاد پیربال، پەتاتە خۆرەکان،رۆژهەلات،هەولێر،٢٠٠٥

١٧- فەرهاد پیربال ،مەلامەحمودی بایەزیدی،وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١٨- شیرزاد حەسەن ،تەنیایی،چاپخانەی الموئسسە العراقیە،بەغدا،١٩٨٣

گۆڤارەکان

١-عەلادین سەجادی ،گۆڤاری کۆری زانیاری کورد ژ١٢،

٢-عەبدولا ئاگرین ،رۆژنامەی برایی

٣-فوئادی تەمۆ ،گۆڤاری رۆژی نویً،ژ١٢

## کورتەی باس

ئەو لێکۆڵینەوەیە بە ئامانجکردن و دیاریکردنی قۆناغەکانی گەشەسەندنی زمانی نووسینی کوردییە لەبواری چیرۆکدا، لێرەدا گەڕاوینەتەوە لایەن و بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵی کوردی و کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەسەندنی زمانی نووسین، ئابووی، کەلتور، سیاسەت، کۆمەڵایەتی ، رۆڵی خۆیان هەیە لەو گۆڕانکارییە ، بێگومان دەقی چیرۆکیش لەناوەرۆکدا پڕە لەو بوارانە، واتە هەر چیرۆکێکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەو بوارانە ، زمانی نووسینیش لەگەڵ گەشەکردن و گۆڕانی ئەو بوارانە بەرەو پێش چووەو تەریب بووە بۆ گۆڕانکارییەکان لەگەڵ قۆناغەکاننی کۆمەڵی کوردی دەقەکانی نووسینی کوردی لەسەردەمی دەرەبەگایەتییەوە دەستی پێکردووە تاوەکو ئەمڕۆ لە قۆناغی گواستنەوە بۆ سەرمایەداری کە بەچەند هەنگاوی جیاجیادا تێپەڕیوە، بەنمونەش چەند دەقێکی چیرۆکی کوردی ئەو قۆناغە جیاجیانەمان وەرگرتووەو بەکورتی لەبارەی شێوازی نووسینەوە شیکردنەوەمان بۆ کردوە، لەدوا قۆناغیشدا ئێستا نووسینی کوردی کە بەزمانێکی پاراو دەنووسریً دوور لە وشەو زاراوەی دەرەکی زمانیتر، خوێنەری کوردی دەتوانیً بە ئاسانی لەهەموو دەقێکی نووسراو بگات و وەك زمانێکی کوردی رەسەن بیناسیً.

## خلاصة البحث

**الهدف من البحث بيان مراحل تطور لغة الكتابة في القصة الكردية، في هذا السبيل رجعنا الي النواحي المختلفة للمجتمع الكردي و اثرها على تطور اللغة في مجال الكتابة (الاقتصاد، التراث، السياسة، الأجتماعيات)، التى لهن الأثر في هذا التغير اللغوي، ان القصة الكردية في مضمونها عبارة عن تلك النواحي المذكورة، فان لغة الكتابة تتوازى مع تطور تلك النواحي و مع التطورالتاريخى لمراحل المجتمع الكردي، فان الكتابة في عصر الأقطاع أحد المراحل الطويلة و البارزة في حياة المجتمع ، نشأت الكتابة في هذه المرحلة بصروة ابتدائية ومغروزة بالكلمات الاجنبية من اللغات العربية و التركية و الفارسية، و بعد الانتقال الى مرحلة شبه رأسمالية في مجتمعنا وبتأثير الظروف القومية و الوطنية و السياسية تطور تلك اللغة الى لغة انقى وشبه خالية من الكلمات الدخيلة، واخذنا مقاطع من القصص الكردية و تلك المراحل المختلفة لبيان لغة الكتابة في هذه المراحل، وفي عصرنا الحاضر وصلت لغة الكتابة الى مرحلة نزيهة و نظيفة و خالية من الكلمات و المصطلحات الأجنبية والامثلة دليل على نقاوة لغتنا في كتابة اليوم.**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)

e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)